بەخێربێن بۆ سێهەمین هەواڵنامەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە دەربارەی

# یاسای ڕزگاربوانی ژنانی ئێزدی

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردەوەی دادپەروەرانە (C4JR)، بە بەردەوامی هەواڵنامە دەربارەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی بڵاو دەکاتەوە، ئەمەش لە مانگی تەمووزی ٢٠٢٣ەوە بە هەرسێ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و کوردی (کرمانجی سەروو و ناوەند). ئامانج لەم هەواڵنامەیە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی دروست و نوێکراوەیە لەسەر یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی. هەر لێرەوە بۆچوون و ئەزموونەکانی ئەو لایەنە کارایانە بڵاو دەکەینەوە، کە لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بەشدارن، کە مەبەست لێی چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانی ئەو دڕندەییانەی داعشە کە لە عێراق ئەنجامی داون.

## هەواڵ و نوێکاریەکان دەربارەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی

### ئاماری داواکارییەکان

بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کاروباری قوربانیيان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی خەرج کردنی بڕپارەی قەرەبوویان بۆ ٨٦٨ ڕزگاربووی دەستی داعش لە چوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی لە مانگی ئەیلوولدا ڕاگەیاند. خاتوو سەراب ئیلیاس، بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان ڕایگەیاند کە هەتا ئەو ڕێکەوتە، تێکڕای ژمارەی سوودمەندان گەیشتووەتە ١٠٥٢ (هەزار و پەنجا و دوو) کەس. لە ئێستادا بەڕێوەبەرایەتییەکە لە پرۆسەی تەواوکردنی ڕێکاری دەرکردنی کارتی بانکیە بۆ ئەو کەسانەی بڕپارەی قەرەبوویان لەسایەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا بۆ دەر چووە. دەتوانن وردەکاریی زیاتر لەو بارەیەوە لە پەڕەی فەرمیی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە فەیسبوک ببینن: https://facebook.com/profile.php?id=100076062182514.

### جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی

یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی کۆمەڵێک سوود لەشێوەی قەرەبوودا لەخۆ دەگرێت، کە دەبێت بۆ هەر ڕزگاربوویەک کە داواکارییەکەی پەسەند کراوە دابین بکرێت. قەرەبووەکانیش بریتین لە: ١) مووچەیەکی مانگانە، ٢) خزمەتگوزارییەکانی ڕاهێنانەوە، ٣) گەڕانەوە بۆ سەر خوێندن، ٤) لەپێشبوونی ڕزگاربوو بۆ دامەزراندن لە کەرتی گشتی، ٥) یەکەیەکی نیشتەجێبوون یان پارچەیەک زەوی. بەڕێوەبەرایەتییەکە چالاکانە هەندێک پارەمتی وەک پارەی قەرەبووکردنەوە و ڕەوانەکردنی ڕزگاربووان بۆ ڕێکخراوە ناحکومییە پاڵپشتەکان بە مەبەستی پشتیوانیکردنی ڕزگاربووان لە ڕاهێنانەوەیاندا دابین کردووە، لە هەمان کاتدا، بەڕێوەبەرایەتییەکە بەردەوامە لە مامەڵەکردن لەگەڵ بارمتەیە ئاڵۆزترەکان تا لە داهاتوودا جێبەجێیان بکات.

نوێکارییە گرنگەکان:

- بەڕێوەبەرایەتییەکە ڕایگەیاند کە ناو و وردەکاریی ئەو ڕزگاربووانە لە هەردوو ڕەگەز وەر دەگرێت کە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دەیانگرێتەوە و خوازیارن بۆ ساڵی نوێی خوێندن بگەڕێنەوە سەر خوێندن. بەڕێوەبەرایەتییەکە داواکارە کە ئەم وردەکاریيانە بە کورتە نامە بنێردرێن بۆ ژمارەی بەڕێوەبەرایەتییەکە ٩٦٤٧٥١٠٠٢٩٧٧+ یان بۆ پەڕەی فەرمییان لە فەیسبوک. زانیارییەکانیش بریتین لە: ناوی سیانی، ڕێکەوت و شوێنی لەدایکبوون، ئەو پلەی خوێندنەی کەسەکە پێی گەیشتووە، هەروەها شوێنی نیشتەجێبوونی جاران و ئێستای. دەتوانن زانیاریی زیاتر لە پەڕەی فەرمیی بەڕێوەبەرایەتییەکەوە لە فەیسبوک بەدەست بهێنن: https://facebook.com/profile.php?id=100076062182514
- بەڕێوەبەرایەتییەکە ڕایگەیاند، ئەو ڕزگاربووانەی لە دەرەوەی عێراق دەژین و بەڵگەنامەی ناساندنیان نییە دەتوانن ئەم زانیارییانە لە ڕێگەی پەڕەی فەرمیی بەڕێوەبەرایەتییەکەوە لە فەیسبوک بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە بنێرن: وڵات، شار، ناوی سیانی، لەگەڵ ژمارەی تەلەفۆن. لیژنەیەکی تایبەت دامەزرێندراوە کە ئەرکی وەرگرتن و جێبەجێکردنی داواکارییەکانی ڕزگاربووانە لە دەرەوەی وڵات. ئەم لیژنەیە وا دانراوە کە زانیاریی لەسەر بەڵگەنامە ونەکان وەر بگرێت و لەگەڵ دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکاندا کار بکات بۆ دەرکردنی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە ناسنامە، هەروەها زانیاریی لەسەر پێویستییەکانی ڕزگاربووان لە دەرەوەی عێراق کۆ بکاتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە پەڕەی فەرمیی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە فەیسبوک: https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514&_rdc=2&_rdr.
- ١٦ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ڕزگاربووان خاتوو سەراب ئیلیاس چاوی کەوت بە یاریدەدەری کاروباری کارگێڕیی پارێزگاری نەینەوا بەڕێز ڕەفعەت سمۆ ڕەشۆ بۆ تاوتوێکردنی دواین ڕێکارەکانی تایبەت بە تەرخانکردنی پارچە زەوی بەپێی مادەی ٦.٢ ی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی. بەڕێز ڕەشۆ دڵنیایی دا کە ڕەزامەندیی پارێزگاریان بۆ تەرخانکردنی ٢٥٠ پارچە زەوی نیشتەجێبوون وەک یەکەم کۆمەڵە قەرەبوو بەدەست هێناوە، ئەمەش بە هەماهەنگیی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیی نەینەوا و شارەوانی قەزای شنگال. خاتوو ئیلیاس ئاماژەی بەوە کرد کە ٢٥٠ پارچە زەوی لە قەزای شنگال ئامادە کراون، لەگەڵ ١٢ پارچە زەوی لە تەلەعفەر وەک بەشێک لە یەکەم کۆمەڵە زەوی تەرخانکراو. بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی پەڕەی فەرمیی بەڕێوەبەرایەتییەکە بکە لە فەیسبوک: https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514.



بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ڕزگاربووان چاوی دەکەوێت بە یاریدەدەری کاروباری کارگێڕیی پارێزگاری نەینەوا. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە
https://web.facebook.com/Rifaat.S.Rasho/?_rdc=1&_rdr.

- بۆ یادکردنەوەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر دەستکردن بە جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی، دامەزراوەی ئێزدیانی ئازاد ڕاپۆرتێکی نوێی لەسەر بۆچوونی ڕزگاربووان بڵاو کردەوە. ناونیشانی ڕاپۆرتەکە بریتییە لە "یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیی عێراق: ڕاپۆرتێک لەسەر ساڵی یەکەمی داواکارییەکانی قەرەبووکردنەوە" ڕاپۆرتەکە چاو دەخشێنێتەوە بە سەرکەوتن و ئاستەنگ و بوارەکانی پەرەدان بە کارەکان بۆ ئەم ساڵە. لەپاڵ دەستخۆشیکردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان بۆ جێبەجێکردنی دابینکردنی برپارەی قەرەبوو و سیستەمی ڕەوانەکردنی تایبەت بە پاڵپشتیی دەروونی و کۆمەڵایەتی، هەروەها ڕاپۆرتەکە زنجیرەیەک پێشنیازی خستووەتە ڕوو. ئەم پێشنیازانەش بریتین لە لابردنی کاغەزەکانی لێکۆڵینەوە لە دادگای تاوان وەک مەرجێکی بەڵگەیی، فراوانکردنی بازنەی شایستەبوون بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی تا ئەو منداڵانەش بگرێتەوە کە لەکاتی دیلێتی دەستی داعش لەدایک بوون و دایک و باوکیان ئێزدین، کردنەوەی لقێک لە بەڕێوەبەرایەتییەکە لە دهۆک، باشترکردنی کەناڵەکانی پەیوەندیکردنی تایبەت بە ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان، هەروەها پەرەدان بە ڕێگەی جێگرەوە بۆ ڕاستەوخۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕزگاربوواندا لە دەرەوەی تۆڕی فەیسبوک. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە دەقی تەواوی ڕاپۆرتەکە لێرە: https://t.co/ueteOqMBz1.

- لە تشرینی یەکەمدا، دەزگار سید، کە ئەندامە لە هاوپەیمانێتی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە، هەماهەنگییەکی لەنێوان ئەندامانی هاوپەیمانیەتییەکە بۆ هەوڵەکانی داکۆکیکردن کرد بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکە بەپێی پێویست سەرچاوەی هەیە تا ئەرکەکانی بەجێ بهێنێت و ئەو پرۆگرامی قەرەبووکردنەوە فراوانە بەڕێوە بەرێت کە لە یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا وێنا کراوە.

## هەوڵەکان بۆ لێپرسینەوە

- لەژێر داواکاریی حکومەتی عێراقدا، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کۆدەنگی بڕیارنامەی ژمارە ٢٦٩٧ یان پەسەند کرد، بەمەش ڕەزامەندی درا بە درێژکردنەوەی ئەرکی یونیتاد بۆ ماوەی ساڵێک تا ١٧ ی ئەیلوولی ٢٠٢٤، کە ئیدی جارێکی تر درێژتر ناکرێتەوە. لە کاتی دامەزراندنییەوە ساڵی ٢٠١٧، یونیتاد پاڵپشتیی هەوڵە ناوخۆییەکانی کردووە بۆ بەبەڵگەکردنی تاوانەکانی داعش، چاوپێکەوتنکردن لەگەڵ ڕزگاربوواندا، پاڵپشتیکردنی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، هەروەها پشتگیریکردنی لێپێچینەوەی یاسایی نەتەوەیی لەوڵاتانی سێیەمدا. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە ڕاوێژکاری تایبەتی یونیتاد کردووە کە بەردەوام بێت لە ناردنی ڕاپۆرت لەسەر چالاکییەکانی تیمەکە هەر ١٨٠ ڕۆژ جارێک و نەخشە ڕێگایەک پەرە پێ بدات بۆ تەواوکردنی ئەرکەکانی تا ١٥ ی مارسی ٢٠٢٤. بەپێی بڕیارەکە، دەبێت یونیتاد و عێراق شێوازەکانی هاوبەشکردنی بەڵگەکان لەگەڵ دەوڵەتانی سێیەمدا یەکلا بکەنەوە پێش ئەوەی یونیتاد بەردەوام بێت لە جێبەجێکردنی ئەم لایەنە لە ئەرکەکەی و داوای ڕاپۆرتێک دەکات کە پێشنیازەکانی بۆ هاوبەشکردنی بەڵگەکان تیادا خرابێتە ڕوو و تا ١٥ ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ بەدەستی بگات. بۆ خوێندنەوەی نامەکەی جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری دەرەوە فوئاد حسێن بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕوانە ئەم بەستەرە:
/GEN/UNDOC/doc/org.un.ny-dds-documents//:https
OpenElement?pdf.N2326338/PDF/N23/263/38
بۆ زانیاری زیاتر، بڕیارنامەکە لێرە ببینە:
https://www.securitycouncilreport.org/atf/cf/%7B65BFCF9B-6D27-4E9C-8CD3-CF6E4FF96FF9%7D/S-RES-2697.pdf.

- لەدوای ڕاگەیاندنەکەوە، ڕێکخراوی یەزدا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە لەلایەن ٥٠ ڕێکخراوی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە پشتگیری کرابوو، لەنێویاندا گروپەکانی ڕزگاربووان، تیایدا داوای لە عێراق و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە کە لە دوای مانگی ئەیلولی ٢٠٢٤ەوە ئەرکی یونیتاد بۆ زۆرترین ماوەی پێویست نوێ بکەنەوە. جگە لەوەش، لە بەیاننامەکەدا داوا کراوە: پەرە بە ستراتیژێک بدرێت بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش چ لە عێراق و چ لە دەسەڵاتەکانی دیکەی دادوەری؛ پشتگیری لە عێراق بکرێت لە پەسەندکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی، کە چەقی بایەخی ڕزگاربووان بێت، بۆ لێپێچینەوە لە تاوانە نێودەوڵەتییە سەرەکییەکان؛ هەروەها دڵنیابوونەوە لە پشتیوانیی بەردەوامی یونیتاد لە عێراق تا ئەو کاتەی وڵاتەکە دەتوانێت بە تەواوی ئەو لێپێچینەوانە جێبەجێ بکات کە دادگاییکردنی دادپەروەرانە لەخۆ دەگرن و چەقی بایەخیان ڕزگاربووانە. لێرەدا تەواوی لێدوانەکەی یەزدا بخوێنەرەوە:
https://www.yazda.org/concerns-about-the-non-renewal-of-unitads-mandate-in-iraq.

## ئاستەنگەکان

هەر هەوڵنامەیەک تیشک دەخاتە سەر ئاستەنگێک یان زیاتر لە جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا، کە دێنە بەردەم ڕزگاربووان یان لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە. لەم ژمارەی سێیەمدا، C4JR سەرنجتان ڕا دەکێشێت بۆ ئاستەنگەکانی بەردەم ڕزگاربووانی شەبەک دوای ئەوەی هاوپەیمانێتی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە دانیشتنێکی ڕاوێژکاری لە مانگی ئەیلوولدا بەڕێوە برد بۆ بیستنی ئەزموونەکانیان لەگەڵ پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی.

لە کاتێکدا لە وەشانەکانی پێشوودا مەرجی زیادەی سکاڵای تاوانکاری وەک بەربەستێک لەبەردەم ڕزگاربووانی ئاماژەی پێ کرا، کۆبوونەوەکەی C4JR لەگەڵ ڕزگاربووانی شەبەکدا زیاتری لەسەر گرفتە هەمەجۆرەکانی ڕزگاربووان لە بەدەستهێنانی کەغەزەکانی لێکۆڵینەوەدا ئاشکرا کرد. ئەو ئاستەنگانەی لە خوارەوە خراونەتە ڕوو هەرچەندە لەلایەن ڕزگاربووانی شەبەکەوە تیشکیان خراوەتە سەر، بەڵام بەتەنیا تایبەت نین بە ئەزموونەکانی ئەوان، بەڵکو تا ڕادەی جیاواز هاوبەشن لەنێوان ڕزگاربووانی پێکهاتەکانی دیکەدا. ئەم گرفتانە نەک تەنیا لە مەترسییەکانی دووبارە ڕووبەڕووبوونەوەی زەبری دەروونییەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵکو هەروەها لە کێشەی پێکهاتەییەوە هاتوون کە پەیوەندییان بە خودی سیستەمی دادوەرییەوە هەیە.

پێویستە هەموو ئەو دەسەڵاتانەی لە جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا بەشدارن ئەو تاوانە جیاوازانەی داعش بەرانبەر هەر پێکهاتەیەک بە جیا ئەنجامی داون، لەبەرچاو بگرن. لە کاتێکدا ئێزدییەکان لە سەرەتای ڕووداوە جینۆسایدییەکان لە دژی کۆمەڵکەکیان لە ساڵی ٢٠١٤ دووچاری بەدیلگیران بوونەتەوە، ژنانی شەبەک لە ڕۆژانی دواتردا لە کاتی هەوڵدان بۆ جێهێشتنی ناوچەکانی دەست داعش بۆ ئەوەی بەرەو شوێنێکی سەلامەت هەڵبێن، بە دیل گیراون. لە ئەنجامدا بەهۆی ئەو کارەیانەوە زیندانی کراون و بە مورتەد حکوم دراون. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ڕێکەوت و ماوەی دیلبوونیان جیاوازە لەوەی ڕزگاربووانی ئێزدی. هەرچەندە یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی سنوورێکی دیاری نەکردووە بۆ ژمارەی ئەو ڕۆژانەی ڕزگاربوویەک تیایاندا دیل بووە وەک مەرجێک بۆ شایستەبوون، ڕزگاربووانی شەبەک ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەزموونەکانیان و شایستەبوون بۆ یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی لە دادگاکان دەخرێنە بەر لێکۆڵینەوەی زیاترەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی ڕزگاربووەکان بەڵگەنامەکانی تایبەت بە دیلبوونیان لە زیندانەکانی داعشدا، کە لەلایەن داعشەوە دەرچوون، لەگەڵ داواکارییەکانیاندا هاوپێچ دەکەن. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەزموونی دیلێتیی ڕزگاربووانی شەبەک بە کەم ببینرێت، هەروەها ئاماژە بەوە درا کە لە قۆناغی جیاوازی پێشکەشکردنی داواکاریی و پرۆسەی پشتڕاستکردنەوەدا زمانی نەشیاویان لەگەڵدا بەکار هێنراوە. بەدەستهێنانی زانیاری متمانەپێکراو لەسەر تاوانەکانی داعش لە ناوچەکانی شەبەک دەتوانێت شایستەیی داواکار بە پشتبەستن بە مەرجە یاساییەکان ڕوون بکاتەوە.

ڕزگاربووانی شەبەک ڕایانگەیاندووە کە هەندێک لە بەرپرسان لە دادگاکان بە تەواوی ئاگاداری ئەوە نەبوون کە یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی پەیوەندی بە چییەوە هەیە و کێ مافی ئەوەی هەیە داواکاری پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنی یارمەتییەکان بەپێی یاساکە، لە ئەنجامدا زانیاری هەڵە بڵاو بووەتەوە و دۆسێی ڕزگاربووان گوازراوەتەوە بۆ وەزارەتە ناپەیوەندیدارەکان. بۆیە پێشنیاز دەکرێت کە هەموو ئەو لایەنە کارایانەی بەشدارن لە ئاسانکاریکردن بۆ تۆمارکردنی سکاڵای دادوەری لەلایەن ڕزگاربووانەوەو ئاگادار بکرێنەوە لە تەواوی بازنەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی بە مەبەستی ئاسانکاریکردن بۆ دەستڕاگەیشتنی ڕزگاربووان بە یاساکە، لەوانەش دابینکردنی وەرگێڕی ژن بۆ داواکاران بۆ هەر هەنگاوێکی پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری، لەگەڵ بەکارهێنانی ڕێبازێک بۆ پرۆسەی دادوەری، کە ڕزگاربوو بکات بە چەقی بایەخی، بۆ پاراستنی ڕزگاربووان لە ئەگەری هەراسانکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی لەکەی کۆمەڵایەتی.

داواکارانی شەبەک دەبێت مەرجێکی زیاتریان بەسەردا جێبەجێ بکرێت، ئەویش وەرگرتنی پشکنینی بایۆمەترییە لە دەسەڵاتە ئەمنییەکانی عێراق بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە داواکارەکە یان خێزانەکەی پەیوەندییان بە داعشەوە نەبووە و دڵنیابن لەوەی ئەو زانیارییانەی لەلایەن ڕزگاربووەکەوە پێشکەش کراوە، دروستن. زۆرجار بە هۆکاری جیاواز پێویستە ڕزگاربووان بایۆمەتری وەربگرن. ئەمە پرۆسەیەکە کە تیایدا دەبێت ڕزگاربووان چەندین جار سەردانی دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان بکەن، لەوانەش دەزگا هەواڵگرییەکان و پۆلیس و ئاسایشی نیشتمانی. دوای پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی، ناوی داواکار دەنێردرێت بۆ دەسەڵاتە ئەمنییە پەیوەندیدارەکان بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی بایۆمەتری. ئەنجامی بایۆمەتری دەبێت ڕاستەوخۆ لەلایەن فەرمانگەی هەواڵگرییەوە بنێردرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ پشتڕاستکردنەوەی شایستەیی ڕزگاربوویەک. بەڵام ڕزگاربووان ئاماژەیان بەوە کردووە کە خۆیان ناچاربوون بەدواداچوون بۆ ئەنجامی بایۆمەترییەکە بکەن. دەبێت بەڕێوەبەرایەتییەکە دڵنیابێت لەوەی ڕوونکردنەوە هەیە سەبارەت بەم ڕێکارە و پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان بپارێزێت بۆ بەدواداچوونکردن بۆ ئەنجامی بایۆمەترییەکان.

جگە لەوەش، زۆرێک لە ڕزگاربووانی شەبەک ڕایانگەیاندووە کە بە نووسراو لە ئەنجامی داواکارییەکەیان ئاگادار نەکراونەتەوە، بەڵکو تەنیا بە شێوەی زارەکی پێیان ڕاگەیەندراوە. ئەمەش واتا ڕەنگە نەبوونی میکانیزمێکی فەرمی بۆ گەیاندنی ئەنجامی داواکارییە پێشکەشکراوەکان، کاریگەریی لەسەر مافی ڕزگاربووان بۆ تانەدان لە بڕیارەکان لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا هەبێت، چونکە ناتوانرێت ڕێکەوتی دەرکردنی بڕیارەکە پشتڕاست بکرێتەوە. پێشنیار دەکرێت کە لیژنەکە بە شێوەیەکی فەرمی و نووسراو، ئەنجامی هەموو داواکارییەکان، لەگەڵ هۆکاری ڕەتکردنەوەکانیاندا بگەیەنێت.

لە کۆتاییدا، C4JR ئاماژە بەوە دەکات کە لە مادەی یەکەمی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا هاتووە کە یاساکە "هەموو ژنێک یان کچێک کە تووشی تاوانی توندوتیژی سێکسی بووە" دەگرێتەوە. هەندێک ناڕوونی لە کاتی کۆبوونەوەی C4JR لەگەڵ ڕزگاربووانی شەبەک لەسەر دەستەواژەی "کچ" و کارکردن پێی بۆ ڕزگاربووان دروست بوو. یەکێک لە

ڕزگاربووان ڕوونی کردەوە، کاتێک خۆی و کچەکەی هەوڵیانداوە داواکاری پێشکەش بە یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی بکەن، کچەکەی بەهۆی ئەوەی لە کاتی ڕووداوەکاندا بە خوار تەمەنی یاسایی دانراوە، داواکارییەکەی ڕەت کراوەتەوە. پێشنیاز دەکرێت ڕوونکردنەوەیەک لەسەر مانای وشەی "کچ" بدرێت، لەگەڵیشیدا ئەو تەمەنانەی کە یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی دەیانگرێتەوە دیاریی بکرێن.

## هیچ دوا وادەیەک بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە!
## ئەگەر تۆ ڕزگاربوویت، لێرەدا دەتوانیت بزانیت چۆن داواکاری پێشکەش بکەیت

**ئەگەر تۆ لە یەکێک لەم گروپانەی خوارەوەدایت، یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی قەرەبووت پێشکەش دەکات:**

- ژنە دیلە ڕزگاربووەکانی ژێر دەستی داعش، کە پێگەیشتوو یان خوار تەمەنی یاسایی بن و لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی یان تورکمان بن
- پیاوانی ئێزدی، کە ئەو کاتەی تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ بووە لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون.
- هەموو ئەو کەسانەی لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، تورکمانن و لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون و بە شێوەیەکی کەسی لە ڕووداوێکی دیاریکراوی کۆمەڵکوژیی داعش ڕزگاریان بووە.

**داواکارییەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان دەکرێت. دەتوانیت بە سێ شێوە داواکاری پێشکەش بکەیت:**

- وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە لە یەکێک لە فەرمانگەکانیان لە شنگال یان موسڵ، پاشان سەردانکردنی فەرمانگەکە لە وادەی دیاریکراودا. دەتوانن وادەی چاوپێکەوتن لەم بەستەرەدا دیاری بکەن: https://ur.gov.iq/login بۆ زانیاری لەسەر چۆنیەتی دانانی وادەی چاوپێکەوتن، تەماشای ئەم ڤیدیۆیە بکە: https://www.youtube.com/watch?v=6ARuIcl4gYU&ab_channel=IOMIRAQ .
- پڕکردنەوەی فۆڕم و بردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە بە دەستی. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پێویستە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو بەستەرەی سەرەوە ناوت تۆمار بکەیت بۆ ئەوەی کۆدی تۆمارکردنی تایبەتی خۆت بەدەست بهێنیت.
- پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوەی سەرهێڵ. دەتوانیت داواکارییەکەت، لەگەڵ هاوپێچی وێنەیەک لە ناسنامەکەت و هەر بەڵگەنامەیەکی پشتگیری کە هەتە لەو بەستەرەی سەرەوە پێشکەش بکەیت. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوازی سەرهێڵ، لەم ڤیدیۆیە بڕوانە: https://www.youtube.com/watch?v=QfoDfQWwErE&ab_channel=IOMIRAQ

دەتوانیت بە تەنیا خۆت داواکاری پێشکەش بکەیت، پێویستت بە پارێزەر و ڕێکخراوی ناحکومی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە. ئەگەر خوازیاری هاوکاریی بوویت لە پێشکەش کردنی داواکارییەکەت، دەتوانیت پەیوەندی بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ناوچەکەتەوە بکەیت. **وادەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کراوەیە. هەروەها هیچ پارەیەک بۆ پێشکەشکردن نادەیت**

. دەتوانیت لە فەیسبووک ئاگات لە ئاگادارییەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە بێت:
https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514

## لە ڕزگاربووانەوە

ئامانجەکانی هەوڵنامەکەمان بریتین لە هاوبەشکردنی بۆچوون و ئەزموونەکانی هەموو ئەو لایەنانەی لە پرۆسەی جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا بەشدارن، هەروەها بەردەوام بۆچوونی ڕزگاربووان لەسەر پرۆسەکە لەخۆ دەگرێت، ئەمەش بۆ دڵنیابوون لەوەی جێبەجێکردنی یاساکە بە جۆرێکە کە ڕزگاربووان چەقی بایەخ بن.

### پەیامێک لە ڕزگاربووانی شەبەکەوە

وەک ئاماژەی پێ کرا، لە ئەیلولدا هاوپەیمانێتیەکەمان لەگەڵ ڕزگاربووانی شەبەک دانیشت تا گوێ بۆ ئەو ئاستەنگە تایبەتانە بگرێت کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەکە دەبێتەوە لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی. لە خوارەوە بۆچوونەکانیان بخوێنەرەوە:

**"ئێمە بۆ بەدەستهێنانی کەغەزەکانی لێکۆڵینەوە بە زۆر ئاستەنگ و نەهامەتیدا تێپەڕین، بەو هیوایەی لەکۆتاییدا مافی قەرەبووکردنەوەمان بەدەست بهێنین کە یارمەتیمان دەدات بەسەر هەموو ئەو بەربەستانەدا زاڵ ببین کە لەکاتی پرۆسەکەدا ڕووبەڕوویان بووینەتەوە، هەروەها لەگەڵ ئەم بابەتەدا ئاشت بووینەتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، بە ڕەتکردنەوەی داواکارییەکانمان و ئەو ئاڵۆزی و بارگرانییانەی لەکاتی پێشکەشکردن بۆ یاساکەدا ڕووبەڕوویان بووینەتەوە تووشی شۆک بووین. ئێمە زۆر نائومێدین کە سەرباری بەدەستهێنانی کەغەزەکانی لێکۆڵینەوە، ڕەت کراوینەتەوە."**

## داتای سەرەتایی ڕاپرسی

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR لە نزیکەوە لەگەڵ پێنج هاوبەشی جێبەجێکاردا کاری لەسەر ڕاپرسییەک کردووە بۆ زانینی تێگەیشتنەکانی ڕزگاربووان بۆ پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی. لە ١ی تشرینی دووەمی ئەمساڵدا C4JR ڕاپرسیی لەگەڵ ١٥٨ ڕزگاربووی سەروو تەمەن ١٨ ساڵدا کردووە کە داوایان پێشکەشی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی کردووە لە پێکهاتەکانی ئێزدی و شەبەک و تورکمان و کریستیان لە پارێزگاکانی نەینەوا و دهۆک و هەولێر. لەنێوان ئەوانەی ڕاپرسییان لەگەڵدا کراوە، ٨٧٪یان لە ڕەگەزی مێن و ٦٦٪یان تەمەنیان نێوان ١٨ بۆ ٣٧ ساڵە.

زۆرینەی ڕزگاربووەکان (٤٦٪) داواکارییان بە شێوازی سەرهێڵ پێشکەش بە پۆرتاڵی بەڕێوەبەرایەتییەکە کردووە، تەنیا ١٥٪یان داواکارییەکانیان بە کۆپی کاغەز پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتییەکە کردووە و ٣٩٪یان وادەی چاوپێکەوتنی کەسییان لە بەڕێوەبەرایەتییەکە وەر گرتووە. لە نێوان داواکاراندا، ٨٤٪یان داوای پاڵپشتییان بۆ داواکارییەکەیان لە ئەندامێکی خێزان یان هاوڕێیەک یان ڕێکخراوێکی ناحکومی کردووە. لەگەڵ ئەمەشدا، بۆ داواکردنی زانیاری لەسەر یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، ڕاپرسییەکە بۆی دەر کەوت کە ڕزگاربووان پێیان باشترە داوا لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان بکەن (٢٧٪) وەک لە ئەندامانی خێزان (٢٣٪). هۆکاری سەرەکیی ڕزگاربووان بۆ داواکردنی یارمەتی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی ترس بوو لە لەکەداربوون لەلایەن لایەنە حکومییەکانەوە (٢٣٪)، بە ڕێژەی دووەمیش لەترسی بابەتی نهێنیپارێزی (١٦٪)

لە بارەی بەپەلەترین خزمەتگوزارییەکانەوە، کە لەلایەن ڕزگاربووانەوە دەستنیشانکران، ٢٥٪ ئەوانەی بەشدارییان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە، "بژێوی ژیان" یان دیاری کردووە، هەروەها ١٨٪یان "هاوکاریی نەختینەیی" و ١٧٪ یان "خزمەتگوزاریی پزیشکی" یان هەڵبژاردووە

## پێویستییە بەپەلەکانی ڕزگاربووان

کام لەم خزمەتگوزارییانەی خوارەوە لە هەمووی زیاتر بەزوویی پێویستتن؟



سەبارەت بەو یارمەتییە تاکەکەسیانەی لە چوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا هاتوون، ڕزگاربووان دەڵێن کە گرنگترین یارمەتییەکان بۆیان بریتین لە قەرەبووکردنەوەی مانگانە (٣٣٪) یەکە بێبەرامبەرەکانی نیشتەجێبوون (١٧٪) لەگەڵ خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان (١٣٪)

## گرنگترین یارمەتییەکانی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی

کامە لەو یارمەتییە تاکەکەسییانەی لەژێر یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا دانراون بۆ تۆ گرنگترینە؟




## بابەتەکانی داهاتووی هەواڵنامەکە

لە هەواڵنامەی داهاتوودا، C4JR بەردەوام دەبێت لە بڵاوکردنەوەی ئەنجامە سەرەتاییەکانی ڕاپرسییەکە، کە تیشک دەخاتە سەر دەستڕاگەیشتن و سەنتەربوونی ڕزگاربووان لە یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا و ئەزموونی ڕزگاربووان لە پەیوەندیکردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی و لیژنەکەدا. C4JR بەردەوامە لە لەنزیکەوە کارکردن لەگەڵ ئەو هاوبەشە جێبەجێکارانەی لە نزیکەوە ڕاپرسییەکە ئەنجام دەدەن، کە بڕیارە لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمدا تەواو بکرێت.

# ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) بناسە:

لە هەر هەواڵنامەیەکدا، تیشک دەخەینە سەر کارەکانی دوو ڕێکخراوی ئەندامی هاوپەیمانییەکە، کە کاری پەیوەست بە یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی ئەنجام دەدەن. هەروەها زانیاریی پێویست لەسەر شوێن و چۆنێتی پەیوەندی پێوەکردنیان دەخەینە ڕوو.

### دەستپێشخەریی نادیە

نادیە کار دەکات بۆ پشتگیریکردنی ڕزگاربووان لە شنگال و دهۆک لەڕێگەی دابینکردنی: دەستپێشخەریی

- ڕێوشوێنی قەرەبووکردنەوەی کاتی بۆ ڕزگاربووان لە ڕەگەزی نێر و مێ کە لەلای داعش دیل بوون، ئەمەش بە هاوکاری سندوقی جیهانی ڕزگاربووان، لە ڕێگەی پشتگیریکردنی ڕزگاربووان بە قەرەبووکردنەوەی تاکەکسی لەوانە پێشکەشکردنی پاڵپشتی نەختینەیی و بژێوی، و قەرەبووکردنەوەی بەکۆمەڵ [مۆنیومێنتێک کە هێمای جینۆسایدە و نوێنەرایەتی ئازارەکانی ڕزگاربووانی مێینە دەکات- لە ئێستادا جێبەجێ دەکرێت]؛
- نۆژەنکردنەوەی ماڵەکانی ڕزگاربووان لە باکوور و باشووری شنگال؛
- پێشکەشکردنی پاڵپشتی یاسایی و تەندروستی و دەروونی و پەروەردەیی بۆ ڕزگاربووانی شنگال؛
- بەڕێوەبردنی دانیشتنی بەخشینی هۆشیاری لەسەر یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی سەبارەت بە چۆنیەتی پێشکەشکردن و ئەو سوودانەی کە یاساکە پێشکەشی ڕزگاربووانی دەکات.

دەتوانرێت پەیوەندی بە تیمی دەستپێشخەری نادیە بکرێت لە: +.٩٦٤٧٥.٨٢٨٣٨٨٣

### ڕێکخراوی هاریکار

تیمی یاسایی هاریکار پشتگیری لە ڕزگاربووان دەکات لە هەموو کەمپەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان و ناوچە شارنشینەکانی ناو پارێزگای دهۆک لە ڕێگەی:

- پێشکەشکردنی ڕاوێژکاریی یاسایی **بۆ** داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی؛
- ئەنجامدانی دانیشتنی بەخشینی هۆشیاریی یاسایی لەسەر بابەتگەلی جۆراوجۆری یاسایی لە یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدییەوە تا دەگاتە بەڵگەنامەی مەدەنی، سەرپەرشتیکردن، ئەمینداری، لەگەڵ هاوسەرگیری.
- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی یاسایی لەسەر داواکارییەکانی تری ناسنامە و بەڵگەنامەی مەدەنی.

ڕزگاربووان دەتوانن لە ڕێگەی ئەم ژمارانەی خوارەوە پەیوەندیی بە خاڵە سەرەکییەکانی تیمی یاسایی هاریکارەوە بکەن:

**بۆ کەمپی مامڕەشان و خانکێ:**
+٩٦٤٧٥.٤٥٨٢١٦٩

**بۆ کەمپی کەبەرتۆ ١ و ٢:**
+٩٦٤٧٥.٧.٢.٢.٦

**بۆ کەمپی داودییە و ڕوانگە:**
+.٦٤٧٥.٣٤٦.٤٩٤

**بۆکەمپەکانی ئێسیان و شێخان:**
+٩٦٤٧٥.٤١٩٩..٤

**کەمپی باجید کەندالا:**
+٩٦٤٧٥١٥٣٥٢..٨

**بۆکەمپی بێرسڤێ ١ و ٢:**
+٩٦٤٧٥.٤٦٩٥٧١٤

**کەمپی چەم مشکۆ:**
+٩٦٤٧٥.٤١٧٧٣٧٦

**بۆ کەمپەکانی شاریا و ماملیان:**
+٩٦٤٧٥.٤١٧٧٣٧٦

# دەربارەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (JR4C) هاوپەیمانییەکە لەنێوان ٣٣ ڕێکخراوی ناحکومیدا بەستراوە، کە داوای قەرەبووکردنەوەی گشتگیر بۆ قوربانیانی سیڤیلی تاوانکارییە دڕندانەکانی سەردەمی شەڕی داعش لە عێراق دەکەن. ئەم هاوپەیمانییە پشت بەیاساکانی عێراق و یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ دەبەستێت بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکانی ڕزگاربووان، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەیان و هاندانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان لە دابینکردنی قەرەبووەکاندا. هاوپەیمانییەکە کاردەکات بۆ ئاگادارکردنەوە و داکۆکیکردن و خستنەڕووی چارەسەری گونجاو، هەروەها بۆ بەشدارییپێکردنی لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ڕزگاربووان مافی خۆیان بۆ قەرەبووکردنەوە بەدی دەهێنن، ئەمەش لەڕێگەی دابینکردنی بۆشاییەک بۆ وردبینی و هاوکاری و بیرکردنەوە.

بۆ زانیاریی زیاتر، لێرەوە سەردانی ماڵپەرەکەمان بکە: www.c4jr.org

@C4JRorg

C4JR updates
WhatsApp group

IOM
UN MIGRATION

ئەم بڵاوکراوەیە لە ڕێگەی ئەو پشتگیرییەوە هاتووەتە کایەوە، کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پێشکەش کراوە، بەپێی مەرجەکانی حکومەتی هۆڵەندا. ئەو بۆچوونانەی لێرەدا دەربڕدراون، تایبەتن بە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق بن.